

# نوسین سادەیە

## گفتوگۆ لەگەڵ چارلز بۆکۆفسکی

و: کارزان محەمەد

چارلز بۆکۆفسکی لەساڵی (1920)و لەشاری ئەندرناخ هاتۆتەدنیاوە، لەساڵانی لاوییەوە دەستی بەنوسین کرد .یەکەمین بەرهەمی لەساڵی (1940)دا چاپ کرا. پاشان بەهۆی پرۆسەی ژیانی ئاساییەوە ماوەی (20) ساڵ وازی لەنوسەرایەتی هێنا. نیوەی ئەم (20) ساڵە بەگەڕان‌و ژیان لەناو ژووره کرێگرتەکانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئەمریکادا ژیا، (10) ساڵیتریش لەبەڕێوەبەرایەتی پۆستی لۆس ئەنجلس دەستی بەکار کرد، ئەو کارەی جگە لەماندووبوون هیچ بەرهەمێکیتری نەبوو. لەماوەی ژیانیدا لەزۆرینەی نوسینەکانیدا باسی لەمردن‌و شێتێتی دەکرد. دەستی ڕێزلێنان بووبەمایەی ئەوەی کە واز لەکارەکەی لەبەڕێوەبەرایەتی پۆستەکە بهێنێت‌و جارێکیتر رووبکاتەوە نوسین.

لەماوەی (30) ساڵدا، بۆکۆفسکی ژمارەیەکی زۆر کتێبۆکەی شیعریی بڵاوکردەوە .ئەم کتێبانە بەتیراژی زۆر کەم بڵاودەکرانەوە. خۆشبەختانە (جۆن مارتین) ی بەڕێوەبەری چاپ‌وپەخشی (بەلەك سپارۆ) بەهاریکاریی خودی ئەو، شیعرەکان‌و چیرۆکەکانی لەبەرگێکدا کۆکردەوەو بڵاوی کردەوە تا بۆکۆفسکی لەئاستی نوسەرانی هاوچەرخی دەیەی هەشتا دابنرێت. کۆی زیاتر لە (40) کتێبی بۆکۆفسکی بڵاوکرایەوە، دوای مردنیشی بەرهەمگەلێکی زۆر دەربارەی ژیانی ئەدەبی‌و ڕەخنەگرتن لەبەرهەمەکانی بڵاوکرایەوە. چارلز بۆکۆفسکی لە (9)ی ئازاری ساڵی (1994) چاوەکانی لەجیهاندا لێکنا. ئەو گفتوگۆیەی دەیخوێنیتەوە، لەساڵی (1985) لەگۆڤاری (نیویۆرك کوارترلی)دا بەچاپ گەیەندراوە.

***چۆن دەنوسیت، بە ئامرازی تایپ یا بەشێوەی دەستنوس؟ ئایا دوای نوسین، گۆڕانکاریش لەبەرهەمەکەدا دەکەیت؟ چ کارێك لەگەڵ پەڕە دەستنوسەکاندا دەکەیت؟ وادێتەبەرچاو کە شیعرەکانتان لەشوێنێکی دەرەوەی**

**خودتانەوە سەرچاوە دەگرێت، وایە؟ بۆ نوسینی هەرشیعرێك چەندە توشی ڕەنج و نیگەرانی ڕۆحی دەبیت؟**

-شیعرەكانم بەئامرازی تایپ دەنوسم. بە ئامرازیتایپی خۆم ناوزەدم كردووە. بەگشتی درەنگانی شەو لەكاتێكدا دەنۆشم و گوێ لە مۆزیكی كلاسیكی دەگرم كە لەڕادیۆوە پەخش دەكرێت و جگەرە دەكێشم، دوگمەكانی تایپەكە دادەگرم. گۆڕانێكی لاوەكی لەنوسینەكەمدا بەكاردەهێنم، سبەینێكەی دووبارە شیعرەكە تایپ دەكەمەوەو ئۆتۆماتیكانە ڕیفۆرمگەلێك ئەنجام دەدەم. دێڕێك لادەبەم، دوو دێڕیش تێكەڵ دەكەم و دێڕێكیش دەكەم بەدوو دێڕ. ئەم كارانە دەبێتەمایەی ئەوەی شیعرەكە هاوسەنگی و شكۆی هەبێت. بەڵێ، شیعرەكان لەشوێنێكی دەرەوەی خودمەوە سەرچاوەدەگرن. كاتێك دادەنیشم بەدەگمەن دەزانم دەمەوێ چی بنوسم. لەكاتی نوسینی شیعردا، هێندە دووچاری ڕەنج و ترس نابم. ئەمە ژیانەو سەختیش دەبێت.

***كاتێك لەماڵ دەچیتە دەرەوە، ئایا دەفتەرۆكەیەك لەگەڵ خۆتاندا دەبەیت؟ ئایا ئەو بیرۆكانەی لەماوەی ڕۆژدا دێتەیادتان، یادداشتی دەكەیت یا لەزەینتاندا دەیهێڵنەوە بۆ دواتر؟**

-دەفتەرۆكە لەگەڵ خۆمدا نابەم و بیرۆكەكانیش هۆشیارانە لەزەینمدا ناپارێزم. هەوڵ دەدەم وابیرنەكەمەوە كە نوسەرم و بەباشی دەتوانم بنوسم. من ئینتیمایەكم بۆ نوسەران نییەو لەهەمانكاتیشدا حەزیشم لەدۆزینەوەی بازاڕ نییە.

***هەرگیز سەردەمێكت بەمانای وشكبوون بەسەرداهاتووە كە نەتوانیبێت شتێ بنوسیت؟ ئەگەر ئەزموونیشت هەبێت بەگشتی لەماوەی چەندێكدا جارێك ڕوودەدات؟ لەم ماوەیەدا، چی دەكەیت و چ شتێك دەبێتەمایەی ئەوەی تا دووبارە بتوانیت بۆ هێڵی ڕەوتی ئاسایی بگەڕێیتەوە؟**

-بەسەربردنی دوو یا سێ شەو بەبێ نوسین، بەلامەوە مانای سەردەمی وشكبوون دەگەیەنێت. لەوانەیە منیش سەردەمێكی وام هەبێت بەبێ ئەوەی خۆم بزانم درێژە بەنوسین دەدەمەوەو تەنها دەنوسم، هەرچەندە بەرهەمەكەشی هێندە باش نەبێت. بەڵام هەندێكجار دەزانم كە بارودۆخەكە بەباشی ناڕواتەپێش، دەچمە پێشبڕكێی ئۆتۆمبێلەوەو زیاتر لەهەمیشە مەرج دادەنێم، هاوار دەكەم و قسە بەژنەكەم دەڵێم. كاتێك بارودۆخەكە بەرەوباشبوونەوە دەڕوات هێشتا سەری داوەكەم ون نەكردووە.

نزیكەی بەهەمیشەیی دەتوانم شتێك بەتەواوی ماناو نەمرییەكەیەوە بنوسم، ئەگەر تەنها لەشوێنێكدا (150) تا (200) دۆلاریشم دۆڕاندبێت.

***پێویستیت بەتەنهایی هەیە؟ كاتێك تەنهایت باشتر كاردەكەیت؟ زۆرینەی شیعرەكانی تۆ دەربارەی چوونە ناو مرۆڤەكانە بەتەنیایی. ئایا ڕێبازی نوسینتان لەگەڵ ئەم مەسەلەیەدا وێكدێتەوە؟**

-دوورەپەرێزیم خۆشدەوێت، بەڵام بەپێویستی نابینم بەوهۆیەوە ئەوانیتر دووربخەمەوە. من گرنگی بەو وشانە دەدەم كە دێنە سەر كاغەز. ئەگەر نەتوانم لەژێر هەر هەلومەرجێكدا بنوسم، ئەوا بەئەندازەی تەواو توانای ئەوەم نەدەبوو زۆربەی ئەو شیعرانەی من نیشان بدەیت كە دوای ئەوەی لەژنێ جیابوومەوەو بەتەنها دەژیام، نوسیومن. من تەنانەت لەهەلومەرجێكدا نوسیومە كە منداڵەكانم لەژوورەكەدا ڕاوڕاوێنیان دەكردو بەتفەنگەكانیان تەقەیان لەمن دەكرد. ئەم بارودۆخە بەرلەوەی ببێتە لەمپەر لەبەردەم كارەكەم، یاریدەی نوسینمی دەدا (پێدەكەنێت). بەڵام شتێك ئازارم دەدات، ئەویش بیستنی دەنگی تەلەفزیۆنە كە بەڕێكەوت كاتێك كەسێ لەساتی بینینی بەرنامەیەكی كۆمیدی و پێكەنیناویدایە .

***لەچەند ساڵییەوە دەستت بەنوسین کرد؟ کاری کام لە نوسەرانت پێپەسەندە؟**

-یەکەمین شت لەبیرمە نوسیبێتم، دەربارەی فرۆکەوانێکی ئەڵمانی بوو بەدەستی پۆلاینەوە کە سەدان ئەمریکایی لەماوەی جەنگی جیهانی دووەمدا کوشت. بەپێنوسەکەم نوسیمو هەرلاپەڕەیەکی لەشوێنێکی دەفتەرۆکەکەمدا یادداشت کردبوو. ئەو کاتە نزیکەی (13) ساڵ دەبوومو لەکاتێکدا لەسەر جێگا بوومو توشی خراپترین جۆری پەڵەپەڵەی پێست ببووم کە پزیشکەکان بەدرێژایی تەمەنیان نەیانبینی بوو. ئەوکاتە هیچ نوسەرێکم پێپەسەند نەبوو، دواتر کارەکانی جۆن فانتە، نات مهشۆن، داستایۆفسکیو بێگومان شیعرە بەرزەکانی جیفرز، کۆنراد ئەیکن، کاتالُس‌و.م پێپەسەند بوو .پتر حەزم لەمۆزیکی کلاسیک بوو.

لەکارگەوە دەهاتمەوە ماڵەوە، جلم لەبەردەکرد، لەسەر جێگاکەم ڕادەکشامو بیرەم دەخواردەوەو گوێم لەمۆزیکی کلاسیک دەگرت، زۆر خۆش بوو.

***پێت وایە لەم ڕۆژانەدا زیاتر شیعر دەنوسرێت؟ لەتێڕوانینی تۆوە شیعری باشو خراپ چ تایبەتمەندییەکیان هەیە؟**

-شیعری خراپ زۆر دەنوسرێت، خەڵك تەنانەت ناتوانن دێڕێکی زۆر سادەش بنوسن . نوسین بەلایانەوە زۆر سەختە .ئەوان شیعر لەحەسارێکدا دادەنێن کە کەسانێکی زۆر ناتوانن بیگرنەئەستۆ . شیعری خراپ بەگشتی کاتێ دەنوسرێت کەسێك دابنیشێتو وابیربکاتەوە کە ئێستا دەمەوێ شیعرێك بنوسمو بەبڕوای ئەو، شیعر دەبێ بەمجۆرە بنوسرێت. پشیلەیەك لەبەرچاوبگرە، ئەو وابیرناکاتەوە ئێستا من پشیلەمو دەمەوێ ئەم باڵندەیە بکوژم. ئەو تەنها ئەم کارە ئەنجام دەدات. شیعری باش لەمڕۆدا؟ باشە، بەتێڕوانینی من جوتە پشیلەیەك بەناوی جیراڵد لۆکلینو ڕۆناڵد کۆرتج دەنوسن .

***زۆرینەی ئەو هەڤپەیڤینانەی لە (نیویۆرك کوارترلی)دا بەچاپ گەیەندراون، خوێندووتەتەوە. تێڕوانینتان دەربارەی میتۆدی ئێمە چییە؟ ئەم گفتوگۆیانە چ شتگەلێکیان بەتۆ وتووە؟**

-بەداخەوەم کە ئەم پرسیارەت پرسی، من هیچ شتێك لەم گفتوگۆیانە فێرنەبووم، جگەلەوەی شاعیران، خوێنەران، هەوڵدەرەکان، بەبڕوابوون بەخودو بەشێوازێکی زۆر زیندوو خۆیان بەگەورە دەبینن. پێموانییە هیچ کاتێك توانیبێتم یەکێك لەم هەڤپەیڤینانە تاکۆتایی بخوێنمەوە. کارەکە بزر دەکرێت. خاڵە فێرکەرەکان لەژێر ڕواڵەتدا بزر دەکرێن. ئەم مرۆڤانە لەوەڵامدانەوەی پرسیارەکاندا جوڵانو چالاکیو شێتێتیو مەترسیدارکردنیان نییە، وەك شیعرەکانیان.

***ئەگەرچی شیعری بەهادارت نوسیوە، بەڵام کەمتر دەنگی شیعرتان لەدەوری کەڵکەڵەی ناو ڕەگەزەکەتانەوە چۆتەدەرەوە. ئایا ئینتیمات بۆ کاروباری نەتەوەییو نێودەوڵەتی هەیە، ئایا خۆتان سنورداردەکەن دەربارەی ئەوەی دەتەوێ بنوسیتو ئەوەی ناتەوێت؟**

–من ئەوەی دەیبینمو لێم ڕوودەدات، وێنای دەکەمو دەینوسم. من گۆرۆ (مامۆستای ئایینی هیندۆسەکان) یا سەرکردەی هیچ گروپێك نیم، ئەگەر کەسێکیتر دەیەوێت کارێکی لەوجۆرە ئەنجام بداتو جیهانێکی باشتر بۆ ئێمە بخوڵقێنێتو ئەگەر دەتوانێ پێشباتەوە، من پێشوازی لێدەکەم.

لەئەوروپا، ئەو شوێنەی کە بەرهەمەکانم ڕووبەڕووی پێشوازی بۆوە، گروپی جۆراوجۆر پروپاگەندەیان لەسەر من کردو من بەهاوبیری خۆیان دەزانن. لەبەرئەوەی من بۆ خەڵکە ئاساییەکانی سەرشەقامم نوسیوە، لەهەڤپەیڤینەکانمدا نکوڵیم لەپەیوەندییەکی کاری

هۆشیارانە لەگەڵ شۆڕشگێڕەکان، ئانارشیستەکانو نمونەکانیاندا کردووە، چونکە پەیوەندییەکی لەوجۆرە لەئارادانەبووە. من لەگەڵ تاکەتاکەی مرۆڤەکانی جیهاندا هاوخەمم، بەڵام گروپەکان منیان لەخۆیان دووردەخستەوە.

*** پێتوایە شاعیرێکی لاو کە تازە دەستی بەکار کردووە، پێویستی بە فێربوونی چ شتگەلێك هەیە؟**

–ئەو پێویستە لەوە بگات ئەگەر ئەو شتەی دەینوسێتو ئارامی دەکاتەوە، خەڵك ماندووبکات یا ئەو شیعرەی دەنوسرێت تێگەیشتنی ئاسانو سەرگەرمکەر بێت، شیعرێکی باش نییە. توانای وتنی شتە بنەڕەتییەکان بەڕێبازێکی سادە، دەتوانێ هەمان هێزی میتافیزیکی هەبێت. پێویستە نوسینی جەهەننەمیانە بۆ چینە کۆمەڵایەتییەکان بخاتەلاوە.

پارەم دەستکەوتو بەرەو ئۆتۆمبێلەکەم هەڵاتمو بەخێرایی (60 میل) لەکاتژمێرێکدا بەناو پیادەڕۆکاندا لێمدەخوڕی. لەگەڵ ئەوەدا کە دەستەکانی سیخوڕیی پۆلیس قەدەغەی کردبوو، میواندارییەکی زۆرم لەماڵەوەدا کرد. پرۆفیسۆرێك منی بۆ نانخواردن بانگهێشت کرد بۆ ماڵەوە. هاوسەرەکەشی خواردنێکی باشی ئامادەکردبوو کە خواردم دووبارە دەستم پێکردەوەو دۆڵابی دیوارە چینییەکەم لەت لەت کرد.

لەم نێوانەدا، من دەربارەی زۆرینەی ئەم ڕووداوانە شتم نوسی. ئەو کەسایەتییە من بوومو منیش نەبووم. کات کە ڕۆیشت، کێشەو ڕووداو خۆیان دێنەپێش. من لەو ڕەوتەدا دەستوەردانێکم نەبوو. تەنها دەربارەیان شتم دەنوسیو ئەوەی لەکەسێتی ڕاستەقینەی من نزیکتر بوو مرۆڤێکی توڕە نەبووم. زۆرینەی کات لێوە دەردەکەوم، من (93٪) هەمان ئەو کەسەم کە لەشیعرەکانمدا نمایشی دەکەمو (7٪)ی ئەو شوێنانەیە کە هونەری ژیان دەگۆڕن کە بە مۆزیکی پشت دەقەکان ناوزەدی دەکەم.

*** تۆ زۆر ئاماژەت بۆ هەمەنگوای کردووە، پێدەچێت کە هەستێك لەنێوان عەشقو نەفرەتت بۆ ئەو هەبێت. ئەو لە بەرهەمەکانیدا چ خەسڵەتگەلێکی هەبوو؟**

– پێموایە کە هەمەنگوای بەلای منەوە زۆر هاوشێوەی هەمان تێڕوانینەیە کە ئەوانیتر هەیانە. هەمەنگوایو سارۆیان ڕێبازێکی زۆر باڵایان بۆ نوسین هەبوو. کێشەکانی کارەکە لێرەدابوو کە هەمەنگوای نەیدەزانی پێویستە چۆن پێبکەنێت، بەڵام سارۆیان شیرین بوو. جۆن فانتەش بەهەمانشێوە دەینوسی. ئەو یەکەمین کەس بوو کە زانی چۆن دەتوانێ بزوواندنو جوڵان واڵا بکات بێئەوەی ڕێگەبدات ماناکە لەناوبەرێت. من لەو نوسەرە مۆدێرنانە دەدوێم کە سادە دەیان نوسی. بەڵام ڕەنگە زیاتر قەرزاریاری بم تا ئەوەی حەز بەپشتیوانیکردنی بکەم. ڕۆمانی یەکەمی زۆر پتەو بوو.

سەرچاوە:

ڕۆژنامەی (همشهری) ژمارە (2970)، 12 بهمن 1381.